# له كەنار سیناریۆیەکی رەش دا

ناڵە حەسەن

له ئەنجامی کێشمەکێش وخیلافاتیێک که له نیۆ حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران دا هەبوو , حزب بوو به دوو پارچەو حزبیكی تازه له لایەن کۆرشی مودەریسی وهاوریكانی راگەیاندرا . هەروەکو له نووسینەکاندا هاتووه ,
ئەم وەزعیەته دوو سالیکه دریژەی بووه , تا کار گەیشته ئەو رادەیەی چیتر نەتوانن له ژیر چەتری یەک حزبدا بمیننەوه بۆیه بریاریان دا هەر یەکه و ئاراستەی کار کردنی خۆی بگۆری و له دوو مەجرای جیاواز دا کارو چالاکیه سیاسیەکانی خۆیان بەرنه پیش . حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقیش پشتیوانی خۆی له حزبی تازه راگەیاند , بەم هەلویستەی حزب قەیرانەکه زیاتر قوولتر بووەوه . چونکه ئەگەر به ووردی سەرنج بدەینه ناوەرۆکی بەیاننامەکه ئەوەمان لا ئاشکرا دەبیت که هیچ بواریک بۆ هاودلی و هاوخەباتی له گەل تەرەفەکەی تردا ناهیلیتەوه ... ! بۆ یه رەخنەی من له ناوەرۆکی بەیاننامەکەیه نەک له زوو و درەنگی بەیاننامەکه. دەکرا وەک چۆن پشتیوانی له تەرەفیک کرا هاوکات دۆستایەتی و هاوریبازی لەگەل تەرەفەکەی تر دووپات بکریتەوه , چونکه ناکریت بۆ کیشەیەکی وا گەوره که چارەنووسی بزووتنەوەکەی پیوه بەنده له گۆشەی ( مامەلەی نادروستی چەند کەسانیک بەرامبەر به خیلافاتەکان ) سەیری ئەم کیشەیه بکرایه , دەکرا دوورنما و ئایندەی کیشەکه وقورسایی کیشەکه ببینرایه که به نەزەری من نەبینرا ... ! مەبەستمه ئەوه بلیم دەکرا باوەش بۆ هەردوولا بکریتەوه نەک دەرگا بۆ یەکیکیان بخریته سەر گازەرەی پشت و بەرووی ئەویتریشیان دابخریت .. ! پیمان خۆش بیت یان نا ئەم ئەنجامگیریەی لی دەکەویتەوه .
شتیکی تر که زۆر پیم سەیرەو هەرس ناکریت بیتەحەمولی وهەناسه کورتی ئەو هاوریانەیه بەرامبەر به یەکتری , هەرگیز لەو بروایه دا نەبووم که رابەرانی کۆمۆنیزم , مارکسیستانی هاوچەرخ , ریبوارانی ریی حیکمەتیزم کتوپر بەرببنه گیانی یەکتری و به روح و هەستیکی نا هاوریانه بەم شیوەیه یەکتری بکوتنەوه و ناوو و ناتۆرەی ناشیاو له یەکتری بنین ... ! ئاخر هاوریان ئەگەر هەموو نووسینەکانتان سەرەو ژیر بکەین جگه له چەند رستەیەکی بی سەرووبەرەو وه یەکتر تاوانبار کردن به مەقۆلاتی نادروست هیچی تری لی نامینیتەوه . ئیوه به زمانیک لەگەل یەکتریدا دەدوین به ئاگاهانه بیت یان بی ئاگا مرۆڤ تا سەر ئیسقان پیی بیتاقەت دەبیت دەلیی له هەموو ژیانتان بۆ تەنها جاریک دەرگیری خیلافاتی سیاسی و دەروون حزبی نەبوون , ئاخر ئەمه بۆ حزبیکی سیاسی جدی که پیشرەو و ریکخەری شۆرشیکی کۆمەلایەتی بیت و پەیامی رزگاری بەخشی کۆمەلگەی له هەگبه دا بیت چ مانایەک دەبەخشیت ... ؟! من بۆخۆم هەرجارەی نووسینیکتان دەخوینمەوه دەکەومه گومان نازانم ئەمه خەونه یان راستی ..؟
ئیوه یەکتری تاوانبار دەکەن به ( راست رەو , نا مارکسیست , نا مەنسوری , چەپی حاشیەیی , ریاکار ... هتد ) هەرچی دیته ژیر زمانتان نایگیرنەوه . نه حیساب بۆ خۆتان و بۆ جیگه و ریگەی خۆتان و بەرژەوەندی حزب و بزووتنەوەکەتان دەکەن . ئاخر چی رویدا له شەوو و رۆژیک دا تەرەفیک بوو به راسترەو تەرەفەکەی تر نا مارکسیست و نا مەنسوری و چەپی حاشیەیی ... ! تا ئیستا حەمیدی تەقوایی

و هاوڕێکانی بەوە تاوانبار دەکران کە پێشێلی ئسولی حزبی و ڕێکخراوەییان کردووە و دروست مامەلەیان لەگەڵ خیلافاتەکان نەکردووە و دیسپلین و مەوازنە حزبیەکانیان پێشێل کردووە و حیساباتێکیان بۆ ئۆرگانە حزبیەکان نەکردووە و کۆرشی مودەریسی و لایەنگرانی بە راسترەو تاوانبار دەکەن , بەلاّم ئێوەش ناراستەوخۆ حەمید وهاوڕێکانی بە جۆرێک لە راسترەوی و پۆپۆلیستی و مەقۆلاتی لەم بابەتە تاوانبار دەکەن ئەوەتا عەبدوللا مەحمود لە نووسینەکەیدا پەتی ئەرامگرتنی دەپچڕێ و گوایە بە دەنگێکی نەرم وەلاّمی مستەفا سابیر دەداتەوە بەلاّم لە راستیدا لەو بلّندتر هاوار دەکات و پێیان دەلّێت ( ئێوە لە میتۆد و رەوتی سیاسی و هێلی کۆمۆنیزمی کرێکاری جیابوونەتەوە ) ئەمە چ گەرایشێکە بەمجۆرەپێناسەی دەکەن ئایا ئەم پێناسەیەی سەرەوە چ مانایەک دەگەیەنێ ... ؟ نازانم ئەم هەموو ئالوگۆرە لە کوێوە هات ئەم هەموو مەقۆلاتە و دەستەواژە سەیر و عەجایبانەیە چۆن هەتا ئێستا لە حزبەکەی رابەری ئازیز مەنسوری حیکمەت جێگای بۆتەوە ... ؟ برۆننێ مەنسوری حیکمەت لە ووتاری ( حزب و کۆمەلّگە ) لە پەیوەند بە پێکهێنانی یەکێتی تێکۆشانی کۆمۆنیستی ئێران بە چ شێوەیەک باسی حەمیدی تەقوایی دەکات و چ ئومێدێکی پێی هەبوو .. ! ئاخر گەر کۆرشی مودەریسی و ڕێبوار ئەحمەد و هاوڕێکانیان راسترەو بن و حەمیدی تەقوایی و حزبەکەشی چەپی حاشیەیی و ناکرێکاری بن ( کە بە داوای لێبووردنەوە دەلێم ) بەم خوێندنەوە نادروستانەی ئێوە کە بۆ یەکتری هەتانە , دەبێت گومانمان لە مەنسور حیکمەتی ئازیز و لە کۆمۆنیزمی کرێکاری هەبێت , دەبێت گومانمان لە رابوردووی خۆمان هەبێت کە پراو پرە لە خەبات و تێکۆشانی بێووچان .

خالێکی تر کە زۆر گرنگە من پێم وایە هاوڕێیانی ئازیز ڕێبوار ئەحمەد و کۆرشی مودەریسی پێویست دەکات وەلاّم بەو پرسیارە بدەنەوە و رۆشنی بکەنەوە ئایا بۆچی لە ئاقاری بردنە پێشەوەی خیلافاتەکان دانتان بەخۆتان نەگرت و حزبێکی تازەتان راگەیاند ... ؟ بەمانایەکی تر بۆچی حەمیدی تەقوایی و هاوڕێکانیتان بە خاوەن ماڵ زانی و خۆشتان بە میوان ... ؟ خۆتان ئەمە باش دەزانن و لە هەموو نووسینەکانتان دووبارەی دەکەنەوە کە حزب حزبی مەنسور حیکمەت بوو بۆ دەستتان بە پەرچەمی حزبەوە نەگرت بۆ ڕێگای دوو لەت بوونی حزبتان گرتە بەر ...؟ من پێم وایە ئەوەی لە نزیکەوە ڕێبوار ئەحمەد بناسێ زۆر چاک هەست بەوە دەکات کە قسەو پەیام و ئامۆژگاری هەمیشەی بۆ کادیر و هاوڕێکانی ئەوە بووە کە لە هەر خیلافات و کێشمەکێشێک خۆیان بە خاوەنی حزب بزانن نەک تەرەفی بەرامبەر... ! ئەی عەجەبە ئێستا خودی ڕێبوار ئەحمەد و کۆرشی مودەریسی و رەحمانی حسێن زادە و عەبدولای دارابی و ئەسەدی گولچینی و فاتیحی شێخ و ...چەندین رابەرانی تری سەرشناسی نێو بزووتنەوەی کرێکاری لە بەردەم قورسایی خیلافاتێکی سیاسی نێو حزب زنجیری دانبەخۆ داگرتنیان پچراند و ڕێگای چوونەدەر لە حزبیان گرتە بەر و حزبێکی تازەیان راگەیاند لە ژێر هەمان ناوو و هەمان بەرنامەو هەمان پەیام و هەمان مەرجەع و ئاسۆ و ئامانج ... ! بۆ نەدەکرا لە چوارچێوەی یەک حزب بمێننەوە .؟ من دەزانم خیلافاتەکان خیلافی سیاسی جدی و ریشەیی بوون بەلام بە ئیعترافی هەموو لایاک هێشتا فرسەتی ئەوە مابوو یەکپارچەیی حزب بپارێزرێ ئەی بۆ ئەوە نەکرا ؟ ئاخر دەبێ ئەو واقیعە تالّە ببینین کە بە لە دەستدانی هاوڕێ مەنسوری ئازیز گەورەترین زەربە و زیان بە شۆرشی کرێکاری رۆژهەلاّت و بە مێژووی زانست و مەعریفە کەوت , ئەم دووپارچە بوونە و گەیشتنی

ڕووداوەکانیش بەم شوێنەیە زەربە و زیانەکەی دووبەرابەر کردەوە ... ! من کە ڕووی پرسیارم لە بەڕێزان ڕێبوار ئەحمەد و کۆرش و لایەنگرانیان دەکەم وە نەبێ من خۆم بە تەرەفداری لایەنەکەی تر بزانم من دواتر لەم بارەیەوە ڕۆشنتر قسەی خۆم دەکەم . بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم ئێوە ( هەردوولاتان ) بێ گوێگرتن لە سەمفۆنیا خەماوییە پڕ لە بریناوییەکەی دڵی هەزارەها مرۆڤ و بێ گوێگرتن لە نەغمە بە سۆزاوییە پڕاوپڕ لە خۆزگە و هیواکانی دڵی مەنسورحیکمەت ئەم کارەتان کرد . کارێکی ئێجگار خراپتان کرد , گەورەترین برینتان لە دڵی هەر مرۆڤێک دروست کرد کە دڵی بۆ کۆمۆنیزم و ئایندەیەکی باشتر لێدەدا . بەم کارەتان واتان لێکردین هەست بە مردنی مەنسور حیکمەت بکەین چونکە ئەم ئازیزەمان نەمردبوو بەڵکو لە ژوورەکەی تەنیشتمانەوە خەوتبوو بەلأم ئێوە ( حەمید وکۆرش و ڕێبوار )
بە چوار دەستە بەرەو گۆڕستانتان برد و بە خاکتان سپارد ... !
شتێکی تر کە زۆر سەیرەو جێگای ڕەخنەیە ئەوەیە هەردوو تەرەف خۆیان بە مەنسوری دەزانن ( خۆ منیش دەڵێم ) هەردوولاتان مەنسورین بەلام من بۆخۆم نەفرەت لە هەردوولاتان دەکەم چونکە من پێم وایە ئەگەر زەڕرەیەک مەنسوری حیکمەت و پرۆژە و ئامانجی مەنسوری حیکمەتتان بۆ گرنگ بووایە حزب و بزووتنەوەکەی مەنسوری حیکمەتتان بەم جێگایە نەدەگەیاند ... ! وە دەبێ ئەوەش بە ڕاشکاوی ڕابگەیەنین کە ئەگەر لایەنێکی ململانێکە خیلافی سیاسی بوو ئەوا لایەنەکەی تری خیلاف بوو لەسەر ڕابەری بە مانای خەون بینین بە دەسەلاتی تاک و ئەفسانەی تاک ڕەهەند ... ! بۆیە لەم زەرفە ناسکەدا گوێ لە هیچ هاوارێک ڕانەگیرا و هەموو هەوڵەکان لەباربردران و زیندەبەچاڵ کران !!!! هەر بۆیەش ئەم کارەساتەم ناو نا سیناریۆی ڕەش چونکە بە ئاشکرا ئەوەم دەخوێنیەوە کە نیەتەکان پاک نەبوون لەگەڵ یەکتریدا . دەبینین بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکان تەرەفێک پەنا بۆپلینۆم دەبات چونکە دڵنیایە لەوەی کە لەوێندەرێ دەنگی زۆرینە بە دەست دەهێنێ و بەسەر تەرەفەکەی تردا زاڵ دەبێت , وە تەرەفەکەی تریش پەنا بۆ کۆنگرە دەبات چونکە ئەمیش دەزانێ ئەو لەوێندەرێ دەنگی زۆرینە بە دەست دەهێنێ و بەسەر تەرەفەکەی تر دا زاڵ دەبێت بەبێ گوێدانە ئەوەی کە لە باری سوننەت ومەوازینی حزبیەوە کامەی دروستە تاک و بچنە ژێری بەلأم هەر یەکە و پێی لەسەر خواستەکانی خۆی داگرت و ئامادە نەبوون هێندەی سەرە دەرزیەک گوێ لە یەکتری بگرن و بچوکترین مساوەمە لەگەڵ یەکتریدا بکەن . وە لە کۆتایی ئەم ووتارەم دەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە, کە هەرچی شتێک دەبێتە ئالۆزتربوونی وەزعەکە بە ئومێدم بەری پێ بگیرێ چ نووسینە تەوهینئامێزەکان چ ئەو هەوڵانەی کە هانی ئەندامانی حککع دەدەن بۆ وەستانەوەیان بە ڕووی ڕابەریدا هەموو ئەمانە لە بەرژەوەندی هیچ تەرەفێکتان نیە تەنها بە زەرەری کۆمۆنیزم و خەونە جوانەکانی مەنسوری حیکمەتە . وە بە هیوام لەم کەوتنەدا لە زووترین کات جارێکی تر شەپۆڵەکانی هەستانەوە هەموو شەقامەکانی ستەم و چەوساندنەوە بهەژێنێ و هەمووومان لە خەوی سستی بێدار بکاتەوە ... !

ناوەراستی سیپتەمبەری 2004